# کەسێک بە عەشق دەرمان خوارد کرابێت
# زەحمەتە بە هەڵاتنی خۆر هەستێتەوە!

(سیامەند گۆران)

ئەوەی لە شەرابی غەریبی خواردبێتەوە با توخنی گەورە بون نە کەوێت،کە منالّی بۆ هەمیشە دڵی بە چڵێک نێرگز پەرداخێک باراناو خەندەیەکی وێڵ ئەداتەوە،بۆ سەری بیەشێت بەچاک کردنەوەی ڕۆژێکی نەخۆشی دەستی گەورە بون ؟

ئەم رۆژانە پیر بون، بە سەرەتانی فێراق موبتەلان،ئەم هەناسانە پەتای یادەوەری کوشتونی، دەستوو پەنجەی تۆ لە تاریکیدا سورە بە خوێن ،لە قوڵایی دەریادا ئەنوسێت:ئەگەر چی خراپ ژیام کەچی لە هیچ پەشیمان نیم ، ئەو خوێنەی من ڕشتم کەسی لە دوری پەشیمان نەکردەوە، هەرچەندە کەس نەیتوانی تاسەر خۆشی بوێم و تا کۆتایش کاسم خۆش نەویست بەڵام سوکنایم بە تێک چونی شیرازەی ژیان نەهات،ئەگەر لەوێ بام ڕەنگ بوو لە بری هەموو ساتە درێژ خایەنەکانی عازابم لەگەڵ ئێوەپێبکەنیمایە، یاخود بەم چڵە گیایەی کە ئێستا لەم دەریا سەر لێشێواوا لەسەر پولەکەی ماسیەکان دەنوسم بۆ هەر کوێ بڕۆیت کەسێک ڕاوت دەکات،

سەرت بنێیت بە کام دەرگاوە کەسێک لە خەمی قوتدانی تۆدایە، هەر ئەوەم لەسەر جەبینی ئێوەش دەنوسی، کە درەنگ یان زوو کەسێک داخ لە دڵی کوژانەوەتانە ، کە ئێستا بێت یان سبەی ، کەسێک خەمباری پەت کردنی جوانی تۆیە، نیگەرانی دیل کردنی بەیانیتانە)

تۆ لە هەلەدایت ئەگەر پێت وا بێت هەلەبجەییەکان خراپ مردن لە هەلەدایت ،لە مێژودا کێ ئەوەنە جوان مردوە کەس،کێ شانسی ئەوەی هەبوە لەگەڵ دڵدارەکەی پێکەوە بچێتە گۆڕێک کەس!

مردنی دەست خستنە دەستی یەک تەجەلای جوانیە ، چۆن بەیانیان لە دەوری سفرە خڕ دەبوینەوە ئاوها لە دەوری مردن کۆبونەوە بەرەکەتە خوا نایدا بە کەس چەندە خەمی باوەش کردنی مەعشوقەکەی بوبێت عاشق، ژیان بەو هەموو دڵ ڕەقیەی خۆیەوە پێی ڕەوا نە بینین ، مردن بۆ هەمیشە ئەوانی خزاندە باوەشی یەک کامان گەشتینە ئەم ئاکامە ئەبەدیە کەس، ،کەس، ،کەس،

تۆ لە هەڵەدایت!مادام لات وابێت نیشتمان بارتەقای ژیانە، نیشتمان جادوگەر بوو هەمومانی فریودا ، ئەژدیها بوو سەری هەمووومانی خوارد، دوژمن بوو لە کوێدا بە دوای ژیاندا بگەڕاینایە لەوێدا ڕاپێچی دەکردین بۆ شەڕ ،هەر ڕۆژێک لە شەڕێکدا بە شکستەوە دەگاڕاینەوە باوەشی نەخۆشی،مادام پێت وابێت نیشتیمان هێندەی قوڵی برینەکانمان دەواو دەرمانە، تۆ لە هەڵەدایت ،

نیشتمان هەموو مانی کردە وێنە کێش، وێنەی جەلادمان کێشا ، وێنەی دوژمنی حەوت سەر ، وێنەی خودای چەپەڵ،وێنەی، دیکتاتۆرو قەڕاڵ و زوحاک و ئیمپراتۆری سەر پشتی ئەسی هەزار پێ ڕەسمی ڕۆژگاری گەڕو گولی ناوادە، تابلۆی قارەمان و قوربانی و نەخشەی پوچیمان به خوێنی دڵمان ڕازاندەوە،هەموو بوینە شاعیر ،هەموو بوینە دەرویش،هەموو بوینە حیکایەت خوانی سەردەمە شومەکان، کەچی هەمومانی فەرامۆش کرد ، کەچی ڕۆژێک کەسمان لەناونەخشەی ئەم داو داوێنەدا نە گەشتینە مەقسەد ، ئەوەی دۆڕاندمان نیشتیمان نەبوو ژیان بوو ، ئەوەی لە دەستامن چوو ژیان نەبوو جوانی مان بوو ، ئەوەی بە دەستمان هێنا دڵ ڕەقی بوو ، میهرەبانیمان بەو هەموو ئەمەکە سەوزەوە تاساند!

کەسێک تلیاکی دوری کێشا بێت با نزیکی مەرگی بەیانی نەبێت ،کە ئەزانێت بەیانی ئەو لە چاوی تەنهایدا زیندو ئەبێتەوە!

ئەوەی بە عەشق دەرمان خوارد کرابێت زەحمەتە بە هەلاتنی خۆر هەستێتەوە ناکرێت دەستی بچێتەوە خەیاڵ،ناکامە هەڵدانەوەی ڕۆژمێری سەبوری و تیمار!

من سەرمم لە نێوانی دوو شاندا هەڵگرتوە زامارە،بەڵام هەرگیز ماندوو نابێت ؛ تۆ دڵت لە نێوان سی و دوو پەراسودا هەڵگرتوە،چونکە هەمیشە ماندوە و هەرگیز برینار نابێت..

با ئاسودە بن کە دوری ئەتوانێت دەستیان بگرێت و یەک لە یادەوەری یەکدا ڕەش کەنەوە ،تۆ لە هەڵەدایت ،چونکە نەتزانی ئەم ئەستەرەیە لەمڕۆ کەم خوێن تر نابێت ،نا نەت زانی مردن لەمە نزیک تر نابێت نااا، ، هەرگیززز.....!